
# ئایەتە شینەکانی هیوا

پووران فەڕوخزاد
لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)



لە گەرووی لیلوپەڕەوە ئاوازی تیشک دەبیستم
لە گەرووی لیلوپەڕەوە،
هاواری پێکەنینی خۆر لە بەربەیانیدا دەڕوێ.
لە سەرەتای درەوشانەوەی ئەویندا،
لە نێو ناوکی هیوادا.

لە خەمی مردووی زەلکاودا
بەندیخانەی زوڵم و ئازار و تاریکی،
لەنێو چوارچێوەی چڵکدا،
لەقووڵایی کێم و زوخدا،
لە شەڕانشۆیی شەوگارا،
پڕیشکەی پڵشکی شەیتان،
لە ناخی هێلانەی گۆڕدا
لەوپەڕی مەرگەوە دەڕوێ.
شەو تاماڵ کە
هێشووی شادی هەمیشە لە شەو بەدی دێ
هەمیشە لە شەو.
شیعری ڕۆژێکی درێژی گەرمیش
هەمیشە لە شەو و تیشک و ڕووناکی لە دایک
دەبێ.
شەو تاماڵ کە!
لە گەرووی لیلوپەڕەوە هاواری شادی
لە گەرووی لیلوپەڕەوە
ئاوازی پێکەنینی خۆر
لەگەڵ بەیان سەر هەڵدەدا
ل نێو ئایەتە شینەکانی هیوادا..

## هێندێک ئەوین

هێشتا،
دوایین تەور
لەسەر ملی
دوایین درەختی  شاری ئاگر و ئاسن
نەکەوتبووە سەما.
هێشتا،
دوایین بڵێسە ترووسکەی دێ
لە ئەوپەڕی زەینی باڵندەدا
هێشتا
تیغی تیشک
لە خەونی زەمرووتی ئاسۆی بەهاردا
دەدرەوشایەوە
لە چاوەی چاوانی بەردەکاندا ترووسکەی دێ
بەسەر ئەنگوستەچاوی
تەمتومانی تاریکیدا
لە قووڵایی بیرۆکەدا

هێشتا
بەهار هێندێک سەوز،
ئاسمانی بەیان هێندێک شین،
جەغزی خۆریش هێندێک کەسکاسوور،
شەپۆل دەدەن.
هێندێک ڕەنگ
لە شکانەوەی خەیاڵی ئەویندا.

وەرە هەتا دەرفەت ماوە
پەنجەرەی داخراوی چاوانمان بەرەو ڕووی یەکتر
بکەینەوە.
دەی با بڕێکیش عاشق بین
ڕەنگە لە ئاگری دڵماندا
بڵێسەیەک هەڵبگیرسێت
لە خۆڵەمێشی ئەم هەموو دووکەڵەدا.
دایگیرسێنە
دڵی دوایین درەختی
دوایین باخی شاری
کەوا ئێستا لە حاڵی گیانکەنیشتایە.
لەبەر تیشکی ئەوین
بۆ ئەوەی باڵ بکاتەوە
جارێکی دی
خۆری خەوتووی ئەم هەموو تاریکستانە!...

پووران فەڕوخزاد، ڕۆژی پازدەی ڕێبەندانی ساڵی ١٩٢٢ لە تاران لە دایک بووە. شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگری ئەدەبی و ڕۆژنامەنووس و توێژەرە.
خوشکی فەرەیدوون فەڕوخزاد و فرووغ فەڕوخزادە.
تا ئێستا ٣٠ کتێبی لە بواری شیعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان و کۆکردنەوە و ڕەخنەی ئەدەبی چاپ کردووە. یەکێک لە گرنگترین کتێبەکانی (کارنامەی ژنانی چالاکی ئێران)ـە.
زستانی ساڵی ١٣٩٥ (٢٠١٦ز) لە تاران کۆچی دوایی کرد.

**بەشێک لە کتێبەکانی ئەمانەن:**
مۆرەی ئەوین ٢٠٠٦، مەسیحی دایک  ٢٠٠٢، لە کۆتایی ئاور و ئاوێنەدا ٢٠٠٢، بەختەوەری لە خواردنی سێوی سووردا ١٩٧٢، چەنگی ئاڵۆز ١٩٧٦، دیدارێک لە پاییزدا ١٩٧٠، یەکێک لە بەرهەمەکانیشی بە ناوی (باران ئیتر شین نییە) لە لایەن حکوومەتەوە مۆڵەتی چاپی پێ نەدرا.

**سەرچاوە:**
گوهران، فصلنامەی تخصصی شعر، شمارەی ٧و٨ تابستان ١٣٨٤.